**دووەم:** ئەنجومەنى وەزيران بۆى هەيە شێوازى ئەم تەكريم كردنـەيان بـەجۆرێ دابڕێـژێ لەگـەڵ شان و شەوكەتى هەر يەكەياندا بشێو ، مەبەستى ئەم بڕيارە بێنێتەجێ .
**سێيەم:**دەبێ ئەنجومەنى وەزيران ئەم بڕيارە بخەنەكار .
**چــوارەم:** ئەم بڕيـارە لە رۆژنامەى رەسميدا بلآودەكرێتەوە .

**د. رۆژ نـــورى شاوەيس**
**سەرۆكى ئە نجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق**

## به ناوى خواى گەورەو ميهرەبـان

**به ناوى گەلەوە**
**ئە نجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق**
**ژمارەى بڕيـــار:** ١٦
**مێژووى بڕيـــار:** ٢٠٠٠/٩/٢٤

(( **بــڕيــــار** ))

پشت بەو دەسەلآتەى كە بەپێى برگە (٣)ى ماددەى دووەمى ياساى ژمارە (١٠)ى سـاڵى ١٩٩٧ پێمان دراوەو ، لەسەر ئەو ياسـاكارييەش كـە ئەنجومـەنى نيـشتمانيى كوردسـتانى عێـراق ، لـە دانيشتنى ژمارە (٣)ى رۆژى ٢٠٠٠/٩/٢٤يدا ئەنجامىدا ، ئەم بڕيارەمان دەرهێنا:
**يەكــــەم:** درێژكردنـــەوەى كــاركردن بـــە بڕيــارى (ژمــارە ١٧/ى ســاڵى ١٩٩٩)ى ئەنجومـــەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق لە (٢٠٠٠/٨/٤)ەوە تا (٢٠٠١/١/٤ ) .
**دووەم:** پێويستە وەزيــرى ناوخـۆ ئەم بڕيارە بخاتەكار .
**سێيەم:** ئەم بڕيـارە لە رۆژنامەى رەسميدا بلآودەكرێتەوە .

**د. رۆژ نـــورى شاوەيس**
**سەرۆكى ئە نجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق**